# پەلکەزێڕینە

ئەکرەم قاسم پور

و: پەیمان سابر روستم



کێڵگەگەنم خۆشحاڵبوو و
لەگەڵ (با)دا سەمایاندەکرد.



شادییە بچکۆلە دەڕوات بۆ شاخ، بۆ ئەوەی هاوڕێکانی ببینێت. ئەو لەوێ یاریدەکات لەگەڵ گەنمی زەرد، داهۆڵی شین، ماسیی پرتەقاڵی، بۆقی سەوز، گوڵاڵەسورە، شاخی وەنەوشەیی.

کاتێک میزەڵدانەکەی هەڵیدەفرێنێت، شادی پەلکەزێڕینەیەک ڕێکدەخات بەدانانی حەوت ڕەنگی جوان پێکەوە. ئاوەها دروستیدەکات. پەلکەزێڕینەی خۆی بە کەسێکی سەرەکی، هەرکاتێک باران ببارێت، ئەوا هەتاو دەدرەوشێتەوە.



(با) کە دەهات، گەنمەکان چەپڵەیان لێدەدا، ئەم ڕوو بە ئەو ڕوو دەچەمینەوە. (با) دانەی گەنمەکانی بەیەکدادەخست، ناوچەوانیانی ماچدەکردو بەهێواشی دەیچرپاند بە گوێیاندا، گەنمەکانیش پێچیاندەخواردو لەناخی دڵەوە پێدەکەنین.

(با) هەموو ڕۆژێک دەهات و لەگەڵ گەنمەکان یاریدەکرد.
داهۆڵی شین ئەوانی دەبینی و دەستی بۆ ڕادەوەشاندن.
داهۆڵی شین هاوڕێی باشی کێڵگەگەنم بوو.
(با)یش داهۆڵی زۆر خۆشدەویست. هەندێک جار لەسەر
شانی داهۆڵ دادەنیشت و دەستی بە پرچیدا دەهێنا.
هەندێک جاریش بە چیرۆکەکانی
داهۆڵ خەوی لێ دەکەوت.



ئەو ڕۆژە، تا داهۆڵ لە خەو
بەئاگاهات، (با) بەرەو ڕووی ئەو دایکردو پرسی:
-لەگەڵ من یاریدەکەیت؟
داهۆڵ کە هەمیشە ئامادەی یاریکردن بوو، چەپڵەی لێ داو وەڵامیدایەوە:
-بەڵێ... بەڵێ... دەستپێبکە.



(با) گووتی: چاوەکانت ببەستەو دواتر
من بدۆزەرەوە.
داهۆڵی شین چاوەکانی بەست. لەگەڵ خۆی
بیریکردەوە، (با) ئەمڕۆ زۆر خۆشحاڵە! (با) لەپشتی دارەکەوە
لە پاڵ (کانی)یەکەدا خۆی شاردەوە.
داهۆڵ چاوەکانی کردەوە...(با) نەبوو. باشتر سەیریکرد. پەلەکانی
دارەکە ئارام ئارام پێچیاندەخوارد. داهۆڵ چەناگەی خوراندو گوتی:
-لەپشت دارەکەوەی.. وەرە دەرەوە.

(بـا) لە پشت دارەکـە هاتە دەرەوەو بەدەوری داهۆڵ ڕۆیشت. بەدەوری داهۆڵدا پێچیخوارد. کڵاوی شینی داهۆڵی لەسەری هەڵگرت. سورێکی خواردو کڵاوەکەی لە سەری گەنمەکان دانا.
بەو کڵاوەوە. ڕوخساری گەنمەکان زۆر پێکەنیناوی ببوو.
داهۆڵ پێکەنی و گوتی:
-ئـەی (بـا)ی زۆرزان. کـڵاوەکـەم بهێنە..... خێراکە.



(با) بەرەو لای (کانی) یەکە ڕایکرد، (کانی) خەریکبوو گۆرانی بۆ ماسییەکان دەچڕی. ماسییە پرتەقاڵییەکان لە (کانی)یەکەدا یارییاندەکرد. ئەوان زۆر خۆشحاڵبوون، (با) ڕاوەستاو ماوەیەک سەیریکردن. لەناکاو ماسییەکان چوونە ژێر ئاو و بێدەنگبوون. (با) نزیکتر ڕۆیشت و پرسیی: ماسییەکان لە کوێن؟



بەڵام دەنگێکی نەبیست. دووبارە پرسیی:
-ماسییەکان.. هۆ ماسییەکان بۆ کوێ ڕۆیشتن؟
-ماسییەکان لەناکاو جوڵان و لە ئاوەکە پەڕینە دەرەوە. بە کلکیان ئاویان بە بایەکدا دەپڕژاند.
(با) ڕایدەکردو پێدەکەنی. ماسییەکان دووبارە بەرزبوونەوەو ڕووی (با)کەیان ماچکردو بۆ ناو ئاوەکە گەڕانەوە.

دەنگ و هەرای ئەوان بۆقی سەوزی لە خەوهەستاند. سەرەتا ترسا. سەرییردە ژێر گەڵایەک و خۆی شاردەوە.
دواتر بە وریایی سەیری دەوروبەری خۆی کرد. هەر کە هاوڕێکانی بینی، خەیاڵی ئاسودەبوو.
بەئارامی پەڕییە سەر بەردێک. بەدەنگە گەورەکەی، لەسەرخۆ سڵاوی لێکردن.
دواتر سەری دانەواند و دووبارە نووست.



گوڵاڵەسورەکان لەپاڵ بۆقدا دانیشتن و گوتیان: تۆ کە دووبارە نووستوی... ئەی نازانی ئەمڕۆ چ باسە؟
-بـەڵام بـۆق نووستبوو. ماسییەکان تەڕپانکرد. گەنمەکان بەرزبەرز بۆقیان بانگکرد.(با)یش ئەوەندە بە دەوریدا گۆرانی چڕی، تا بۆق لەخەو بەئاگاهات.

بۆق گوڵاڵەسورەکانی دی کە بەڕووی گوڵاوی خۆشحاڵتر لە هەمیشە لە پاڵ کێڵگە گەنمدا دانیشتبوون.
گوڵاڵەسورەکان کڵاوێکی سوری بچوکیان خستە سەری بۆق، کە لە پەڕەی گوڵەکانیان دروستیانکردبوو.
بۆق دەستی بۆ کڵاوەکەی کێشا، چووە پێشترو لە ئاوی (کانی)یەکەدا خۆی بینی..
ڕوخساری زۆر گۆڕابوو. دواتر سەیری ئاسمانی کرد.. وەکو ئەمەی کە ئێستا دەیزانی ئەمڕۆ چ باسە.



شاخی وەنەوشەیی کە ئەوانی دەبینی، لە بینینی بۆق پێکەنین گرتی. هەموویان شاخی وەنەوشەییان خۆشدەویست، شاخ هەمیشە بێدەنگبوو و زۆر کەم قسەیدەکرد. شاخی وەنەوشەیی سێبەرەکەی بە هاوڕێکانی دابوو.

(با) هاوڕێکانی بینی، کە لە دەوری یەک کۆببوونەوە. تەنها یەک کەس نەهاتبوو، شادی هاوڕێیان. شادی کچێکی بچوک بوو، کە هەموو ئێوارەیەک دەهات بۆ لای ئەوان و یاری لەگەڵ دەکردن. ئەوان چاوەڕوانی شادی بوون. داهۆڵ دەستی لەسەر ناوچەوانی دانابوو، بەو دوو زانە سەیریدەکرد.

کێڵگەی گەنم بەنیگەرانییەوە پرسیی:

– بۆچی شادی نەهات؟

– بۆق باوێشکێکیداو وەڵامیدایەوە:

– لەوانەیە نووستبێت.



شاخی وەنەوشەیی زەردەخەنەیەکیکردو گوتی: شادی بەدڵنیایی دێت. دواتر سەیرێکی ئاسمانی کرد. هەورەکان لەیەکتر نزیکببوونەوەو دەیانچرپاند بەگوێی یەکتردا.



گوڵاڵەسورەکان بە (با)یان گوت:

–لەوانەیە لەبیری چوبێت.

(با) سوڕێکی خوارد. لەسەر شانی داهۆڵ دانیشتو بێدەنگ بە داهۆڵی وت: لەوانەیە... لەوانەیە.

بەڵام لەناکاو هاواریکرد:
-هات... هات... شادی هات.
هەورەکانیش لەسەرخۆ وتیان:
- شادی هات.. هات.
- شادی بچکۆلە بە میزەڵدانێکی نیلی جوانەوە ڕایدەکردو دەهات.
- (با) بە خۆشحاڵییەوە بەرەو لای شادی ڕۆیشت. دەستەکانی گرتو میزەڵدانەکەی لە هەوادا سوڕاند. شادی بە کێڵگەگەنم گەیشت. هەناسەیەکی بەرزی هەڵکێشاو سڵاوی لە هاوڕێکانی کرد.



هەموویان پێکەوە سەیری ئاسمانیان کرد. ئەوان چاوەڕوانی باران بوون. ئەمڕۆ ڕۆژی لەدایکبوونی باران بوو. گوڵاڵەسورەکان، ماسییە پرتەقاڵییەکان، گەنمە زەردەکان، بۆقی سەوز، داهۆڵی شین، شادی بچکۆلە لەگەڵ میزەڵدانە ڕەنگ شینەکەی و شاخی وەنەوشەیی هەموویان هاوڕێیانی باران بوون.

دەنگو هەرای هەورەکان زۆرتر و زۆرتر بوو. هەورەکان بە ئارەزووی بینینی باران بۆ ئاسمان هاتبوون. هەورەکان دەهاتن، دەڕۆیشتن و ئاسمانیان دادەپۆشی. هەورەکان لەیەکتر نزیکتربوونەوە. ڕوخساری هەورەکان کەم کەم گۆڕا. ئەوان ڕوونو ڕوونتر بوون تا بەشێوەی دڵۆپەیان لێ هات. دڵۆپەی درەخشان. باران لەدایکبوو.



(با) لە کێڵگەگەنم ڕایکردو هاواریکرد:
- باران.. باران.. باران.
بۆق بازیدایە سەر گوڵە قەیفەکان و بەئارامی وتی:
- باران.

داهۆڵ بە خۆشحاڵییەوە کڵاوەکەی دا بە هەوادا. ماسییەکان پێکەوە لە ئاوەکە پەڕینە دەرەوەو کلکیان ڕاوەشاند. شادی میزەڵدانەکەی دا بەدەم (با)وەو بەدەستەکانی چەپڵەی لێدا. گوڵاڵەسورەکان بە دامێنەی سوری خۆیان سورپیاندەخواردو دەستیان بۆ باران ڕاوەشاند، شاخی وەنەوشەیی پێکەنی. خۆریش ڕووی جوانی لەپشت هەورەکان هێنایەدەرەوەو بە زەردەخەنەی گەرم و بەسۆزی لە جەژنی ئەوان بەشداربوو.





باران هات و لە بینینی هاوڕێکانی کە لە پاڵ یەکدا وەکو یەک پەلکەزێڕینە بوون، نوقمی خۆشحاڵی بوو. باران هیچ کات پەلکەزێڕینەیەکی بەم جوانییە نەبینیبوو.